# بۆ خۆیان جارێك، بۆ خەڵكی دی دووجار ئیرهابین!

عەباس شوان
a.shiwan@kurdpost.com

☠ وەزیری ڕۆشنبیری میسری فاروق حوسنی: ئاوا باس لە فشار یان مۆتەکەی کەلتووری ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگا وکاروباری دامودەزگای دەوڵەت دەکات: کاتی بوومە وەزیر، سەیرم کرد، وشەی حەرام و حەڵاڵ ئەمری گرتنی بۆ دەرکردووم! سەما و هەڵپەرکێ، ستران و سترانبێژ، ئاواز و مۆسیقا، . . . . حەرامن! ئەوەی من لێی بەرپرس بووم حەرام بوو!! بۆیە خۆم ناونا وەزیری حەرام!!

*　　　　　*

یەکێك لەو هەڕەشانەی کە لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامییەوە بۆ نووسەر ڕەفعەت ئەلسەعید نێردراوە، بەم شێوەیە بوو:

= بەچەقۆ دەتکوژم تا وڵات پیس نەکەی، پارچە پارچەت دەدەمە دەم سەگان، تا لەخاکی موسلماناندا نەنێژرێیت!

*　　　　　*

لە جەزائیریش، ڕۆژێك دوای ناشتنی تەرمی نووسەر ڕەشید مەیمونە. تیرۆریستە ئیسلامییەکان وێرای دەرهێنانی لاشەکەی، لە مەیدانی شار کەلەی سەریشی هەڵدەواسن!

*　　　　　*

کە عەبدولقادر یاسین پەیوەندی بە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری یوسف ئەلسباعی دەکات، تا هیمەتێك بۆ بەردانی نووسەری پایەبەرز غالب هلسا، لە زیندان بکات.

جەنابی وەزیر ئاوا وەڵامی دەداتەوە:

= ئەگەر کڕ نەبیت و ئەو مەسەلەیە لەبیر خۆت نەبەیتەوە، زیندانت دەکەم!!